# هەلسوراویکی چەپ لە نایمیخن لە هولەند تیرورکرا

ئاسۆ حامدی

نۆڤەمبەری 2005

نایمیخن شاری نارازی و ئیعترازی جەماوەریە، لەم شارە چەپ تیادا بە هیزە بە هەموو باڵەکانیانەوە. هەر لە پارتی سوسیالیست تا دەگاتە چەپی سەوزو دەیان ریکخراوی تر،دوینی لەم شارەدا لویس سفیکە هەلسوراوی چەپ تیرورکرا،ئەم مرۆڤە هەست و بیری ستراتیژی ئیعتراز بوو دژی سیاسەتەکانی کۆچەری و پەنابەری تا دەگاتە مەسەلەی تیکدان و نوێکردنەوەی خانوو بەرەو سیاسەتەکانی وەزارەتی داد.

لویس سفیکە کەسیکی خۆشەویست و ناسراوی شاری نایمێخن بوو. تا ئیستا رۆشەن نیە کێ و بۆ تیرۆر کراوە بەلام لەلایەن هاورێ یانی پەنجە بۆ مفیاکانی مادده بێ هۆشکەرەکان دەکێشن. هەرچۆنێ بێ لویس سفیکە نە یەکەم کەس و دواین کەسە لە میژووی سیاسی هۆلەند دا تیرۆردەکرێ.

لە دوای تیرۆری پیم فان تاون رابەری حزبی لیستی پیم ڤان تاون، میژووی سیاسی لە هۆلەندا خۆی نایە فازیکی تازەوە، هەر لە پان ئیسلامیزم تا نیو نازیسم لە هەرەشەو گوورەشەی خۆیان بەردەوامن. ئەگەرچی تیرۆری پیم فان تاون کەسێکی چالاکی بزوتنەوەی ژینگە بوو.بەلام کۆمەلگا بە رەو دەورانیکی سیاسی تیژدا تیدەپەرێ.

دواتر تیرۆری ئیسلامیەکان بۆ تیۆ ڤانخۆخ کە دەرهینەری سینەمایی بوو.هەنگاویکی تر کۆمەلگای بەروە بازنەی توندو تیژی برد..

چەپ و راست لە هۆلەند دژی سیاسەتی تۆقاندن و تیرۆرە، بەلام توندرەوە ئیسلامیەکان و راسیستەکان بەردەوامن لە سیاسەتی هەرەشەو گوورەشە ئەمەش وای لە هێندی لە سیاسیەکان کردووە واز لە سیاسەت بهینن، لەترسی ژیان و گوزەرانیان.

ئازادی لە کۆمەلگا و یاسا بەرقەرار بوون لە هۆلەند تایبەتمەندی خۆی هەیە.

چەپەکان بە هەموو باڵەکانیانەوە لەگەڵ هەماهەنگی چەپی ئەوروپا و دونیادا کەم و زۆر هەنگاو هەلدەگرن.

لویس سفیکە هەلگری ئالای یەکسانی و یەکسانی کۆمەلایەتی گیانی بەخشی، رۆژانە لە تەواوی دونیادا بە دەیان لویس سەر هەلدەدەن.

نیزامی سەرمایەداری پیرۆزی و ئەزەلیەتی نیە، هەلچوونی سادەو خۆبەخۆیی کۆمەلانی خەلک دلیان لە نیو قەسرو قەلاکان دەهینیتە لەرزین، لە رۆژی هەلجوون و خرۆشاندا هەموو داوەکانی مخابەراتی و دەزگاکانیان کە بە دەیان سال کاری بۆ دەکەن هەلدەوەشینەوە.

نیزامی سەرمایەداری کاتی کە تووشی نارەزایەتی کۆمەلانی خەلک دەبێتەوە وەکو خانووی لە کاغەزی قومار وایە.

یادی لویس سفیکە بەرزو بەریز بێت لە گەل هەموو ئەوانەی بۆ عەدالەتی کۆمەلایەتی هەولیانداوە و دەدەن.